کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-12-2007 0:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا




## راگەیاندنی ژمارە چواری کۆمەڵە گیانفداکارەکەمان بۆ میللەتی کوردی خاک داگیرکراو:

بەپێویستمان زانی وەڵامی ئەو لێدوانە ناراست و ترسنۆکانەی (علی مەهدی) جێگری حیزبی تورکمان ئیللی بدەینەوە لە (رۆژنامە) لەژمارەی ١١٢ی سێ شەمە رێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/٤دا بڵاوکراوەتەوە، گوایە ئەندامانی ئەنجومەنی کوردی شاری کەرکوکیش هاوڕان لەگەڵ دوژمنانی کورد بۆ رازیکردنی دڵی تۆرانی یەکان بە (ئیدانە) کردنی کۆمەڵەکەمان.

١ـ کۆمەڵەکەمان لەهیچ هێزولایەنێک سڵناکاتەوە وەتا دواتنۆکی خوێنمان لەسەر رێبازی شەهیدە نەمرەکانمان ئەرۆین وەبەرگری لەمافی رەوای خۆمان و چارەنووسی شارەکەمان ئەکەین تاچۆک دائەدەین بەدووژمنانی ئازادی و دیموکراتی.

٢ـ رێبازی کۆمەڵەکەمان ڕوون وئاشکرایە و دژ بەهەموو جاشێکی دەرەکی و ئەقلیمیە، بەتایبەت ئەوانەی دەیانەوێ ئارامی وئاسایشی کوردستان بشێوێنن وەئەو نیمچە سەربەخۆییە تێک بدەن کەبەخوێنی ملیونێک شەهیدو ئەنفال وکیمیاباران و تەعریب بەدەستهاتووە. شاراوە نیە سایتە تۆرانێکان کەسەر بەمیتی تورکن وەبەبێ ئابڕو وشەرم کردن ڕۆژانە سوکایەتی بەخوێنی شەهیدان وسەرکردایەتی کوردمان ئەکەن.

٣ـ کۆمەڵەکەمان پێشتر (٣) بڵاوکراوەی خۆی راگایاندووە بەزەقی و بێ ترس ئاماژەمان پێدا بوو هەرکاتێک سوپا ملوڕەکەی تورک سنوری کوردستان ببەزێنێ لەژێر هەر پاساوێک دابێت ئەوا کۆمەڵکەمان ناچار ئەبێت تۆڵە لەجاشە تۆرانێکان بکاتەوە (نەک لە تورکمانە هاوسەنگەرەکانمان) چونکە ئێمە دووژمنی هیچ نەتەوەوئاینێک نین.

٤ـ دروست بوونمان بۆ بەرگی کردنە لەشارەکەمان نەک بۆ تۆڵە سەندنەوە. وەهەموو ئەندامانی شانەکانمان پێشمەرگەی گیان لەسەردەستن لەکات وساتی پیویستدا بۆ بەرگری کردن، خۆزگە ئەندامانی ئەنجومەنی کوردی شاری کەرکوکیش تۆزقاڵێک پەرۆشی کوردی کەرکوکییان ئەبوو نەک کورسێکانیان.

فەرماندەی
کۆمەڵەی بەرەنگاربوونەوەی کەرکوک
٢٠٠٧ /١٢/٥
berengarbwnewe_kerkuk@hotmail.com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.